شیعرگەرایی پۆل سیلان
لەنێوان فەلسەفەی ئالان بادیۆ و جاک درێدا دا



د. ئازاد حەمە بەشی سێهەم و کۆتایی

لە بەشەکانی پێشوو بەوجۆرەی بادیۆ لە نوسینی "مانیفێست بۆ فەلسەفە" قسەلەسەر سیلان دەکات، کە ئەوەش لەمیانەی ئەو بینینانەیەوە دەخرێنەروو کە قسە لەسەر "چاخی شاعیران" دەکات، گفتوگۆیەکمان لەسەر بادیۆ- سیلان هێنایەپێشەوە لێرەوە دەمانەوێت تاوێ لەسەر بینینی فەلسەفی درێدا لەسەر سیلان بوەستین و بۆ ئەو مەبەستەش دێینەسەر گفتوگۆکردنی ئەو سەیرکردنانەی درێدا لەسەر سیلان هەیەتی، ئەمەش داوامان لێدەکات کار لەسەر ئەو تۆڕینەوەیە بکەین کە درێدا تایبەت بە شیعرگەراییی سیلان نوسیویەتی.

دریدا و شیعرسازی سیلان

دریدا لە ساڵی 1985 لەو سمینارەی لە ستۆکهۆڵم (و دواتر لە ئۆسلۆ) (1) لەژێرناوی "شیعرگەرایی سیلان" پێشکەشیکرد کەدواتر، لە ساڵی 1986، بوو بە بەشی سەرەکی لە باسەکانی ئەو کتێبەی بەناوی "شیبۆلیت" (ناوی عیبرییە) چاپیکرد، دەرفەتی لەبەردەم تێگەیشتن لە دیدی شیعری سیلان لەئاستی تردا کردەوە، بۆیە دەڵێین ئاستیتر، چونکە پێش دریدا سیلان خوێندەوەی زۆری بۆ کرابوو، بەڵام لەپاش خوێندنەوەکەی دریدا تێگەیشتن بۆ شیعرگەرایی سیلان خۆی لە زۆنی فەلسەفەیدا دیەوە. لێرە نابێ ئەوەمان بیرچێت ،کە نزیکبوونەوەی دریدا لە سیلان بەشێ لەو وێنە فەلسەفیانەی تێدایە، کە هایدیگەری لە هۆلدرلین نزیککردوەتەوە. مەبەستی ئێمە لێرە بەو مانایە دێت کە دریدا کار لەسەر شیعر وەک بواری هزری، شیعر وەک مژدەهێنەری هزری دەکات، نەک بەو مانایەی دریدا هایدیگەر کاوێژ دەکاتەوە، چونکە بۆ توێژینەوە فەلسەفیەکەی دریدا لەسەر شیعرگەرایی سیلان بابەتی بوون، کە مانای لە خوێندنەوەکانی هایدیگەر بۆ هۆلدرلین هەبووە، ئەو بایەخەی لای دریدا نەدراوەتێ.

سەرەتا دەمانەوێت ئەوە بێژین کە، بۆ گەڵێ لە شارەزایان لە فەلسەفەی دریدا و ئەمجار لە فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسیش ئەوە روونە کە دریدا شێوازی نوسینی بەچەند قۆناغێک تێپەریووە. ئەڵبەتە سەرەتا خۆی بە فەلسەفەی پوختەوە سەرگەرمکردوە، بەدڵنیایشەوە دریدا ئەمەی لەڕێگای بایەخدان بە هۆسرێلەوە کردوە، دواتر وردە وردە کەوتوەتەناو دروستکردنی پردێ لەنێوان فەلسەفە و هەریەک لە ئەدەب و لە زمانناسی و، پاش ئەمەش شوێنێکی لەناو فەلسەفە بۆ سپاسەت خستوەتەسەر پشت و لەوێرا لەسەر باسی مافی نێودەوڵەتی و راسیزم و گوزارەی "ئەویتر" ، ئەڵبەتە لەژێر کاریگەری تێمای "ئەویتر" ی لێڤیناس ، هاتوەتەگۆ و ، ئەمەو پێش مەرگیشی بەچەند ساڵێ خۆی بە هەندێ واتای بایەخدارەوە سەرقاڵکردوە لەوانە: بەرپرسیاریەتی، میواندارای، هاوسێیەتی ، لێبووردەی، ئەڵبەتە هەر لێرەدا پێویستە ئەوەش بوترێت کە دریدا پێش دەموەختی مردنی لەگەڕانەوەی ورد دا بووە بۆ هەندێ واتای وەک مەرگ، مەرگ لەشێوەی هیبە (خەڵات، دیاری) ، و ئاین و زەبر. ئەڵبەتە ئەو درمە فەلسەفیەش کە نیچە لەپاشخۆی بڵاوێکردەوە (درمی پێوەبوون بە رەتکردنەوەی میتافیزیکی ئەفلاتون) ئەمیشی گرتەوە. گەڵێ لە ئاماژە (سیمتۆم)کانی ئەم درمەش لە جەستەی وتاری هزری دریدا ئەو دەمە دەرکەوتن کە دریدا توانی لە نوسینەکانیدا مەودا لەنێوان فەلسەفە و وێژەی پێکبێنێت. هەر لێرە بێچەندوچۆن ئەوەش دەڵێین، کە بایەخە زۆرەکانی دریدا لە 1980 کان بەوڵاوە بە ستیفان مالارمێ، ژان ژینێ ، مۆریس بلانشۆ ، ژۆرژ باتای و ئەنتوان ئاوتۆ و تادەگاتە سیلان بەلگەن لەسەر ئەوەی ئێمە لایسەرەوە درکانمان. ئەڵبەتە هزری ئەنتی ئەفلاتونی و باکگراوندە نیچەییەکەی دریدا رۆڵی خۆی لەوەدا هەبووە گەڵێ لە نوسەرانی فەلسەفەی شیکردنەوەی ئەنگلۆسەکسۆنی دریدا وەک هزر ناکۆنکرێت و موریدی سۆفستاییەکان تەماشاکەن و ، ئەمەو خودی ئالان بادیۆ لە نوسینی ""مانیفێست بۆ فەلسەفە"" دریدا، هەروەک لیوتار و وینگینشتاین، بە سۆفستایی دەناسێنێ و پێیوایە هزریان لە راسیۆنالیتێتەوە دورە. بەڵام ئەوی ئێمە لێرە دەمانەوێت بە کورتی وتنی لەبارەوە بێنینەپێشەوە پێوەندی بەم لایەنانەوە نییە، بەڵکو ئێمە لەم نوسینە کورتدا ئەو بۆچوونانە شرۆڤەدەکەین کە دریدا لەبارەی شیعری سیلانەوە وتونی ، هەروەها بەشێ لەو دیتنانەی فیلیپ لاکۆ- لابارتیش بەرباسدەخرێن کە لەبارەی سیلان و بگرە هایدیگەریش وتراون و ئەمەو گەرانەوەی پەیتاپەیتامان بۆ سێرکردنەکانی هایدیگەر بۆ هۆلدرلین و بێدەنگیشی لە شیعرگەرایی سیلانیش لەچەند شوێنێک جێیبایەخدەبن. کەوابێ بۆئەوەی تێگەیشتنێ پانۆرامای بەرچاوخەین، بەپێویستی دەزانین سێرکردنەکانمان بەو بۆچوونانەشەوە تێهەڵکێشکەین، تایبەت بە هایدیگەر- هۆلدرلین هەمانە و لەوێرا گرێبدەدەینەوە بەوەی لەسەر هۆلدرلین لە ناوبراو بە "چاخی شاعیران" ی بادیۆ دا دەوترێت.

گشت ئەوەی دریدا لەسەر سیلان لە نوسینی ""شیبۆلیت"" بەرباسیدەخات کۆششێک بووە بۆ روونکردنەوەی ئەو لایەنانەی بەکردەی شیعرسازی پۆل سیلانەوە تایبەت بووە، کە ئەوەش جەغت لە جودایی کردەی شیعرسازی سیلان دەکات، ئەم جودابوونەش سەرچاوە لە جوداوازی ئەو زمانەوە هەڵدەگرێت، کە لە ئەزمونی شیعرسازی سیلاندا پەنهانە. ئێمە پێش ئەوەی بێینە سەر گفتوگۆکردنی سەیرکردنەکانی دریدا لەمەر شیعری سیلان بەپێویستی دەزانین ئاماژە بە دوو سەرنجبدەین. سەرنجی

یەکەمیان ئەوەیە کە چۆن ئەزموونی شیعری سیلان هزرەڤانی تێدایە، کە ئەمە بادیۆش خەیالیداوەتێ. هەروەها سەرنجی دووەم ئەوەیە کە چۆن شیعر لە پێوەندیدایە بە ئازارەوە. ئەوەی کە شیعر لای سیلان لەتەک ئازار دا لەپێوەندیی نەپساودا بووە، ئەمە ئەو تراژیدیا کەسییە بۆ سیلانی دروستکرد کە سیلان وەک شاعیرێکی جوو تیایژیاوە ، کە بەباوەری ئێمەش شارستانی رۆژئاوا لەمبارەوە بەرپرسیارە. سیلان کە قەدەرێ رەش هیچ کات بەرۆکی بەرنەدەدا شیعرەکانی بەوەگەیاند ئەو هەموو هزرەڤانییەی بەسەرەوە کرێت، بەڵام پێویستە لەوە بەئاگابین کە سیلان بۆئەوە نەینوسی تا بیریاری بەسەر وێنە شیعرییەکانیەوە بکرێت، بەڵکو ویستی ئەو ئازارە لە پێستی رۆحی رامالێت کە شارستانی رۆژئاوا بە خەڵات پێیبەخشیبوو، بۆیە گومانی ناوێت بڵێین کە، ئازار ئەو خەڵاتە بووە، کە سیلان بەریکەوت ئەمەش پاداشتی بە جوبوونەکەی بوو. بەجوبوونی

سیلان بووە ژەهر و چووە گەرویەوە. گەروی سیلان لەو گەروانە نەبوو کە شیعر بکات بە دۆستی سەما و نەشئە. ئێمە کە هیچ دیۆنیزۆسێک لە سیلانا نابینینەوە لەبەرئەوە نییە سیلان دژی خۆشی بووبێت، بەڵکو لەبەرئەوەیە سیلان نەیدەتوانی گوزارە لەشێنبکات لە دەرونیەوە دورە. خواوەندی دیۆنیزۆس بۆ سیلان پێناچێ ئەو مانا و چێژەی هەبووبێت. ئەو جۆرە تراژیدیایەی سیلان و سیلانەکان تێیژیان بۆ وڵاتێ وەک ئیسرائیل بووە بە بەهانەیک بۆ دروستکردنی تراژیدیا بۆ ئەوانیتر. ئیسرائیل کە بەری تراژیدایە لەو تراژیدیایەش بەرپرسیارە فەلەستینیەکان تاهەنووکە دەژێن. ئیسرائیل کە نوێنەرایەتی ئازارەکانی سیلان ناکات، هیچ هۆشێکی بە رەخنەکردنی شارستانی تازەی رۆژئاوا نەداوە، بۆیە هەڵەناکەین گەر بڵێین ئیسرائیل ئەو وڵاتەیە کە لەسەر ئازەرەکانی سیلان و سیلانەکان مشەخۆرە.

ئـەوەی زۆر جێی تێرامانە لەو نوسینەی دریـدا ،واتە "شیبۆلێت"، ئەوەیە کە کاتێ دریدا لە سیلان دەدوێت لە شاعیرێ دەدوێت لەتەک ئازارا زۆرترین دۆستایەتی هەبووە. دریـدا کە جووبوونی سیلان دەناسێتەوە لەتەک جووبونی خۆیدا یەکیناخاتەوە، بەڵام دەشکرێت بۆئەوەش بچین کە ئەوەی دریدا و سیلانی لە "شیبۆلێت" دا کۆکردوەتەوە هەر هەستی بەجوبوون نییە، بەڵکو دەستنیشانکردنی هزریشە لە شیعری سیلانا. راستە بۆ دریدا بابەتی بەجوبوونی سیلان لە "شیبۆلیت" جێیتێأامان بووە، بەڵام بەس ئەم لایەنە ئەم شاعیر و فەیلەسوفەی کۆنەکردوەتەوە. هەروەها ئەوەش راستە کە سیلان لە شیعری "شیبۆلیت " دەرکی پێدەکرێت شاعیرێ جووە و دریداش ئەو بەجوبوونە دەلاوێنێتە، بەڵام لەژێرلێوەوە نەک راستەوخۆ. وەلی بەگشتی شێوازی نوسینەکەی دریدا لەوە بەدورماندەگرێت تەنیا بیر لە بەجوبوونی ئەم شاعیر و فەیلەسوفە بکەینەوە. ئەمە لەلایێ و لەلایێتریش پێدەچێت دریدا لەناو نەوەی خۆی)فوکۆ، لیوتار(, بۆدریار، ئەڵبەتە دۆلۆزی لێدەرچێت، بۆ دۆزینەوەی تارمایی فەلسەفی لە شیعرا لەزۆربەیان بەسەلیقەتر بووە. ئەم کە گرفتاری لەلایێ هایدیگەر و تاوێ نیچەش بووە لەو بوارەدا بۆ هێنانە پێشەوەی بۆنە بۆ وتن لەسەر شیعر و فەلسەفە کارامەبووە. ئەم ،واتە دریدا کە ئەزمونی باشی لە رەتکردنەوەی فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەفلاتون هەیە و بەمەراقەوە شیعر و فەلسەفە ئاشتدەکاتەوە دەزانێ چەند سیلان بۆ ئەم قۆناغە مانادارە. بۆیە بادیۆ کە لە 1989 دا باس لە هزرەڤانی بەشێ لە شاعیران دەکات، بەتایبەت ئەوی خۆی دەیانخاتە ناو چاخێکەوە، دریدا پێشتر (واتە لە 1985 دا) دەگمەنی سیلانی بەرباسخستوە. بۆیە بەباشیدەزانین هەندێ لایەنی ئەو سەیرکردنەی دریدا تایبەت بە سیلان لایخوارەوە

بەبارسخەین **(2)**. لەو بەرباسخستنەشدا جگەلەوەی بۆچوونەکانی دریدا گفتوگۆدەکەین باس لە خەسڵەتەکانی ئەو دۆزەش دەکەین فەلسەفە بە شیعر و زمانەوانیەوە دەلکێ، کە بەخۆی ئەو دۆزە بەگشتی لەژێرسایەی بیرمەندانی پۆست مۆدێرنە و پاشتازەگەری فەرەنسی هاتنەکایەوە. وەکوتریش هەر ئەم لایەنەیە کە بادیۆ تارادەیێ لە" مانیفێست بۆ فەلسەفە"دا پێیقەلسە و رەتیشیدەکاتەوە.

دریدا لە نوسینەکەیدا، کە ناوی "شیبۆلێت" ی لێناوە ، ئەوەمان پێرادەگەیەنێت کە سیلان لەبارەی شیعرێکەوە دەپەیڤێ بوونی نییە. ئەو شیعرەی، بەبۆچوونی دریدا، سیلان لێیدەدوێت "شیعری رەهـا" یە. ئەم شیعرە بە فیعلی بوونی نییە**(3)**، کەواتە لێکدانەوەکانی دریدا ئەوە بەرچاویدەکەن کە" شیعری پوخت" بوونی نییە. یان شیعری پوخت ئەو شیعرەیە کە سیلان دەینوسێ و ئەمەش بوونی نییە، بەڵام ئەم بوونی نییەی دریدا جەغتی لێدەکات پێداگیرییە لەسەر دەگمەنی شیعرگەرایی سیلان. واتە سیلان باس لە شتێ دەکات بێ بوونە. بەتەبیعەتی حالیش هەرشتێ کە لە بووندا بوونی نەبوو ئەوا ئەو شتە گومرا و تاکە.

> دریدا پێیوابووە ئەوەندەی شیعرگەراییی سیلان لەبارەی ئەم چەمکەوە شتی پێوتوین ئەوەندە نە شیعرگەرایی مۆدێرنیتێ و نەش هی پۆستمۆدێرنیتێ شتی ئەوتۆی پێوتوین

بۆ دریـــدا تێکستی "شیبۆلێت" هەر شیعرگەرایی تێدا بەدیناکرێت بەڵکو هەندێ دەرخستەی زمانەوانی و فەلسەفیشی تێدایە. ئەم لایەنە دریدا پێدەچێت لەئاکامی سەرنج خستنەسەر واتای وەک تەنیایی و بەروار پێیگەیشتووبێت، بۆیە هەڵەنییە خوێنەر بۆ ئەوەبچێت کە دریدا شیعرگەراییی لە گۆڕدنی بەروار لای سیلان دەبینێتەوە. هەر لەو بەرواردا، بۆ نمونە بەرواری 20 ژانڤیێ، نهێنی ژوانیش بەدیدەکات**(4)**. راستە شیعر لای سیلان زمانی تاکە هەروەها شیعر تەنیایە، بەڵام تەنهایی شیعر لە جولەدایە رووەو بوون. هەر ئەم شیعرە تاک و تەنیایەش خۆی لە نهێنی ژوان دا دەبینێتەوە**(5)**. کەواتە ئەم شێوە شیعرەی سیلان نوسیویەتی ویستێ زاڵ و باو دەکات کە ویستی گشت و زۆربە نییە.

ئەوی دریدا لەبارەی سیلانەوە ئەنجامی دەدات لەوی هایدیگەر ناچێت ، کە لەبارەی هۆلدرلین و تراکلەوە وتراوە، و نەش لە روانینی بادیۆوە نزیکە، کە لەبارەی "چاخی شاعیران"موە وتراوە. چونکە هایدیگەر لەمیانەی وتنەکانی لەبارەی هۆلدرلین و تراکلەوە قسە لە "نەتەوە" دەکات کە ئەمە نە سیلان لێیدەدوێت و نە دریداش. هەروەها بادیۆش لەبەرئەوەی بە مەسەلەی لکانی شیعر بە فەلسەفەوە سەرقالە ،کە بۆ بادیۆ ئەم لکانە مانای بۆ مانەوەی فەلسەفە هەیە، خۆی لە هایدیگەر و دریدا تەواو جیاکردوەتەوە. بەڵام نیەتی دریدا تا ئەندازەیێک لە نیەتی ئەم دوو فەیلەسوفەوە دورە (واتە هایدیگەر و بادیۆ). دریدا دەیەوێت بەهۆی سیلانەوە لەسەر ئەدەبیەتی ئەدەب و فەلسەفە قسەبێنێتەپێشەوە. هەروەک لایسەرەوەش وتمان ئەمە بۆ دریدا مەیسەر دەبێت، چونکە لەلایەک سیەکانی لە ئەنتی ئەفلاتونی پرن و لەلایەکیتریش لە هەناوی رووناکبیرێکەیدا نیچەگەرایی گەلێ بێچوویداناوە. کەواتە دریدا لەوەوە نزیکە کە باسیدەکات بەڵام خودی سیلان ، ئەوی ئەو هەموو هزرەڤانیەی بەسەرەوە دەکرێت، بۆ ئەوە شیعری نەنوسیوە، کە ئەو هەموو دوریە لە بینیندا بخاتەوە کە کەسانێ وەک بادیۆ یان دریدا دەیبینەوە. ئەڵبەتە بادیۆ لە نوسینەکەیدا لەوە بەئاگایە کە ئەو شاعیرانەی ناویان دەبات بە شاعیرانی "چاخی شاعیران" خۆیان نەیانزانیوە ئەوەن (واتە هزرەڤانن).

بۆئەوەی نەختێ جیاتر لەوەی لایسەرەوە لێیدواین باس لەوەدەکەین کە بەجوبوونی سیلان ، کە بووە هۆی بەسەربردنی بەشێ لە تەمەنی لە ئۆردوگاکانی قەتلوعامی جو هەروەها تێچوونی دایکوباوکیشی، تێکشانێ سەیری لە سیلاندا دروستکرد کە تارادەیەک دۆزێکی هێنانەپێشەوە شیعرەکانی سیلان ، لەچاو ئەو شاعیرانەی لەو کاتەدا بەو قۆناغە تێنەپەرین، رەوتێ جیا وەرگرن. هەروەک لەمەوبەریش وتمان، سیلان شیعری نە دەنوسی تا وەک هزر تێی بروانرێت، بەڵکو شیعر بۆ سیلان دەروازەیەک بوو بۆ تانەگرتن لە ئازار. ئەمەش بەخۆی رەوتێکی تەواو جیایە لە رەوتی شاعیرانی پێشخۆی. ئەم رەوتە کە ئێمە ناوی دەنێین راستگۆیی لەتەک خۆدا تابلێی لە پرۆسەی شیعرسازی سیلاندا کاریگەربووە. ئەو راستگۆیەی سیلان کە نە دریدا باسی لێوەکردوە و نە بادیۆ جەوهەری شیعرگەرایی سیلانە، بەڵام ئەو رووبەرووبونەوانەی لە "شیبۆلێت"دا ئەنجامدراون، زەینی خوێنەر زۆر رەو ئەوەدەبەن کە ئەرکی شیعر وەک یادکردنەوە و پیرۆزکردنی بەروار خۆی دەردەخات. ئەم ئەرکە کە لەبناغەدا ماهیەتی شیعرە **(6)** بۆ دریدا مانای خۆشی بۆ واتا شیعریەکانی سیلان هەیە، بۆیە زۆر بەجێیە لێرە بوترێت : زۆرترین چەمکێک دریدا بۆ جیاکردنەوەی

شیعرگەرایی سیلان رووناکی دەخاتەسەر چەمکی" بروار"ە. هۆی ئەم بایەخدانەی دڕێـداش بەم چەمکە لای سیلان پێدەچێت بۆئەوە بگەڕێتەوە کە درێدا پێیوابووە ئەوەندەی شیعرگەرایی سیلان لەبارەی ئەم چەمکەوە شتی پێوتوین ئەوەندە نە شیعرگەرایی مۆدێرنیتێ و نەش هی پۆستمۆدێرنیتێ شتی ئەوتۆی پێبوتوین. ئەلبەتە سەرچاوەی بایەخدانەکەی درێدا بەم چەمکە بە بۆچوونی فەیلەسوفێکی سویدی بەنێوی هانس روین بۆ ترادیسیۆنی فەلسەفەی دیاردەگەری هۆسرێل دەگەڕێتەوە **(7)**. ئەمە ڕەنگە بەوجۆرە بێت، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە شۆێنی لێوردبوونەوەیە ئەوەیە کە ئەوەی سیلان بەردەستیخستین ئەو شیعرە بـووە، کە دەبایە نەوترایە. مەبەستی ئێمە لەم قسەیە ئەوەیە سیلان بەپێچەوانەی ئەو تەوژمە ڕوناکبیریە ڕۆشت کە ئادۆرنۆ پێشبینیدەکرد. بۆ ئادۆرنۆ سەخت بوو ئەوە هەرسکات کە پاش هۆلۆکۆست بشێ و بکرێ شیعر سەردەبێنێتەوە. ئادۆرنۆ وەنەبێت نەیزانیبێت دەکرێت ئەمە ببێت (یان هەبێت)، بەڵام ئەو بەلایەوە گرنگ بوو هۆلۆکۆست ڕایسواکات و وەک شمەک (کالا) ی مۆدێرنیتێش تێبیروانێت. هۆلۆکۆست کە بەرهەمی ئەندێشەیێ سیاسی ڕۆژئاوایی بوو ترادیسۆنی فەلسەفەی ڕۆژئاوا تابلێیت لە هێنانەدونیای بەرپرس بووە.

> شیعرگەراییی سیلان پڕە لە گومڕای و لوغز. ئەم لایەنە واهەستدەکەین بادیۆش ئاماژەی پێدەکات و ئەو تێرامانەش لا خوێنەر دروستدەکات، کە ئەو جۆرە شیعرانەی لوغزیان تیایە ئەو شیعرانەن دەکرێت ببن بە دۆستی هزر

ئاشکرایە ئادۆرنۆ بەو بۆچوونەی جوانکاری تازەگەری خستە ژێرپرسیارەوە و هیوای لە گەشەسەندنی قرتاند، بەڵام داهێنانەکانی پاش هۆلۆکۆست بەتایبەت، لەوانە ئەزمونی شیعرگەرایی سیلان، توانیانِ شۆێنێ دی بۆ گوزارەکردن بدۆزنەوە. نەک هەرتەوە، بەلکو خودی سیلان لە شیعرێکدا بەناوی "فوگیمەرگ"، کە تیایدا ژیانی ئۆردوگا زۆرەملێکانمان بۆ وێنەدەکات ڕەخنەی ئەو دیتنەی ئادۆرنۆ دەکات، کە بەمجۆرەیە: "نوسینی شێعر پاش ئۆشوێتز بەربەرییە". بەگشتیش تێزە ناوداراکەی ئادۆرنۆ "شیعر لەپاش ئۆشوێتز شیاو نییە نوسینی"بۆ سیلان بابەتێ سەرنجراکێش بووە. ئەلبەتە سیلان ئەم لایەنە لە شیعرێ **(8)** سەرنجدار دەکات، بۆ درێدا و تەنانەت بۆ یەکێ لە وەرگێڕەکانی شیبۆلێتیش (ئاریز فیۆرێتۆس) شۆێنێ باشە بۆ گەڕان بەدوای مانای شیعر و چۆنیەتی شیعر نوسین، بۆیە درێدا لە ئاکامی ئەو تێروانینەی ئەم پرسیارە فەلسەفییەی لادروستدەبێت : چۆن دەکرێت مرۆڤ هیچ بنوسێت؟ بەڵام پێویستە لەسەر زاری وەرگێڕی سویدی ناوبراو (واتە ئاریز فیۆرێتۆس) دان بەوەدا بێنین هیچ لە شیعری سیلان بەتایبەت لە شیعری ناوبراو هیچێ زیندوە **(9)**.

سەرباری ئەوەی وترا، درێدا لە نوسینەکەیدا زەمینە بۆ قسەکردن لەسەر گەشەدان بە کردەی شیعرسازی دەکاتەوە. ئەمەش بەهۆی خوێندنەوەی چەند چەمکێکەوە دەکات (بۆنمونە بەروار)، بەڵام درێدا چ ئەم چەمکە و چش لایەنەکانی تر لە ئەزمونی شیعرسازی سیلان بەهۆی فەلسەفەکردن بەسەر واتای زمانەوە دەکات و، ئەمەو درێدا لەم حالەتە شیاوێک دروستدەکات، ئەمەش تەنیا بۆئەوەی بوارێک بۆ لێکدانەوەی فەلسەفی شێوە ئەنتی میتافیزیکی بهێنێتەگۆڕێت، ئەم کارەش درێدا دەخاتە ناو چەقی ئەو گفتوگۆیانەی لە 1980 کاندا لەسەر بیری پۆست مۆدێرنە دەکرا، کە گوایە ئەم بیرە پردێک لەنێوان ئـەدەب و فەلسەفە دا دەسازێنێت. هەر لەم دەموەختەشدا قسەکردنی زۆر تایبەت بە لێکدانەوەکانی هایدیگەر تایبەت بە "جەوهەری شیعر" هاتەپێشەوە و جارێکیتر هایدیگەر و بینینەکانی بۆ شیعر و ئەدەب بوونەوە بە جێی تێرامانی تۆێژەرەوەکان.

بەبێگومانەوە دەڵێین ،ئەو کاتەی فەلسەفە لە دەرگای شیعر دەدات دوو لایەن لەگشت شتێ زیاتر جەختیان لەسەر دەکرێت، کە ئەمە چ لەلای درێدا دەرکەوتوە و چ بادیۆ کە پێشتریش هایدیگەر پێوەیگلاوە، کە ئەوەش مەسەلەی زمان و هزرە. ئەو هێزەی درێدا لە تێکستی شیعری سیلانا دەیبینێتەوە لە هەناوی زمانە شیعریەکەی سیلاندا خۆی مەلاسداوە. ئەو زمانە کە درێدا فەلسەفەی بەسەرەوە دەکات، لە 1985 و لە 1986 چاپکراوە، پێشتر هایدیگەریش ئەوەی لەگەڵ هۆلدرلیندا کردوە، لە وانەکانی 1942 دا، کە دوای ئەمانیش بادیۆ لە نوسینی چاخی شاعیران""دا ، لە مانیفێست بۆ فەلسەفە 1989، کردویەتی، بەڵام جۆری کارکردنەکان لەیەکەوە زۆر نزیکنین، چونکە سیلان بۆ بادیۆ دەرفەتێکە بۆ قرتانی فەلسەفە لە شیعر هەرچی هایدیگەرە لە هۆلدرلیندا ئاوازی نەتەوەی دەبینێتەوە، کە هایدیگەر هۆشی سیاسی خۆی پێپەروەردە دەکات، وەلی لای درێدا سیلان دەرگا لە پەیوەندی نێوان شیعر و فەلسەفە دەکاتەوە. ئەو پەیوەندیەش لەڕێگای زمانەوە دەستبەکاردەبێت.

بۆیە لێرەدا پێویستە ئەوە بوترێت، لایەنێ کە بۆ درێدا لە شیعرەکانی سیلاندا سەرنج ئامێزە ئەوەیە کە شیعرگەراییی سیلان

پرە لە گومرای و لوغز. ئەم لایەنە واهەستدەکەین بادیۆش ئاماژەی پێدەکات و ئەو تێرامانەش لا خۆیەر دروستدەکات، کە ئەو جۆرە شیعرانەی لوغزیان تیایە ئەو شیعرانەن دەکرێت بین بە دۆستی هزر. یەکگرتنەوەی شیعریش بەمجۆرە لەگەل هزر و گومرای دەکرێت بووترێت رێچکەیکیان لەبەردەم شیعرکاریدا کردەو کە وەرچارخاندنی بهێنێتە دی شایانی ئاوردانەوە بێت. وەکیتریش ئەوەش دەشێ بووترێت کە، هەر ئەو ئاوردانەوەیەشە کاریوای کرد ئەو هەموو بیریاریە بەسەر هەندێ ئەزمونی شیعرییەوە، بۆنمونە شیعری سیلان، بکرێت.

بۆنمونەش یەک لەو لوغزانەی ئێمە لە شیعری سیلاندا پەیێدەبەین، کرانەوەیەتی بەسەر ئەویتر، یان رەفتارکردن لەتەک خۆ وەک ئەویترێک. ئەو شێوازە کە تابلێی ناسادەیە تەنیا فەلسەفە دەکارێت، وتنی لەبارەوە بێنێتەپێشەوە. ئەم جۆرە مامەلەیە لەناو شیعر بۆ گشت شاعیرێ سەرناگرێت و هەرهەموو شاعیرانیش وەک یەک گوزارەی لێناکەن، بۆیە بابەتی ئەویتر لەتەک باسی تەنیایدا لە شیعری سیلان یەکدەگرنەوە، چونکە تەنیای سیلان تەنیایی تایبەت بووە، هەروەها تەنیایی سیلان تەنیاییەک بووە کە شیعر پێویستی پێبووە. تەنانەت خۆکوشتنەکەشی نیشانەی راشکاوانەیە لەسەر تایبەتێتی ئەم تەنیایە.

هەروەک پێشتریش وتمان ، سیلان پاش دەربازبوونی لە ئۆردوگاکانی زۆرەملێ لە 1950 ژنی هێنا و گرافیکەری قەرەسی بووە هاوسەری و کوڕێکیشی بەناوی ئیریک لێبوو، بەڵام ئەم لایەنە تەنیایی و لوغزەکانی سیلانی چارەسەرنەکرد، بۆیە سیلان بۆ پایانهێنان بەو درامایەی شارستانیێک لێی بەرپرسیاربوو، لە چرکەیەکدا شیکاریکرد. بەڵام بەمەرگی خۆی ئەوەی ئەنجامدا، رەنگە جیاوازی ئێوان سیلان و شاعیرانی چاخی ناوبراو لە چەند شتێ بێت، کە یەک لەوانە بۆ ئێمە، کە بادیۆ ئاماژەی پێنەداوە، تەوەیە سیلان بەسەرهاتی تر بە شیعرەوە گرێدەدا کە پرسیارە تەتەوەی و مێژوویەکان نییە، بەڵکو ئەو قەدەرەیە کە دۆزێ سیاسی بۆی ئامادەکرد، بۆیە لەیەکێ لە دەبرینە ناودارەکانی لەمەر مەرگ ،کە بەمجۆرەیە: "مەرگە وەستایەکە خەڵکی ئەڵمانیایە"(10)، ئەوە بەگوێماندا دەچرپێنێ کە ئەڵمانیا مەرگدۆستەیەی ئەڵمانیا کاریگەری بەسەر شیعرنوسینی سیلانەوە بەجێدڵێت و هەر ئەمەشە لەسەرێکیترەوە وادەکات تەحەدای تێگەیشتنی فەلسەفی ئادۆرنۆ بکات و شیعر بنوسێت، تا بۆ ئادۆرنۆی بسەلمێنێت شیاوی بۆ نوسینی شیعر ماوە.

بۆ زیاتر پێداگرتن لەسەر ئەو لوغزانەی لە شیعری سیلاندا هەن، جارێکیتر دەگەڕینەوە لای بینینەکانی دریدا، کە لەبناغەدا بۆ لێدانی ئەو میتافیزیکە لەدایکبوون، کە لە شیعری سیلان دا پەنهانە. گومانی ناوێت، دریدا ئەو دەمە ئەو نوسینەی لەسەر "شیعرگەرایی سیلان " نوسی (1986) کە لە کارە فەلسەفیەکانی دا تاقەوپەری بە رەخنەکردنی "میتافیزیکی ئامادەبوون" موە سەرقالبوو ، ئەو میتافیزیکەی ریشەی لە ئەدەب و فەلسەفەی رۆژئاوا داناوە. ئەوەش کە بووە هۆکارێک بۆئەوەی دریدا ئاوا بێتەپێشین دەکرێت بڵێین هۆنراوەی "مێریدیان"(11) ی سیلانە، چونکە سیلان لەم هۆنراوەیەدا مەسەلەیێ هەستیار دەوروژێنێت، ئەوەش ئەوەیە کە "شیعر زمانی هەیە ". ئەم تەماشاکردنە سیلانیە بۆ پەیوەندی نێوان شیعر و زمان، والە ئێمە دەکات لێرە بۆ ئەوە بچین کە جۆرە پوختکردنەوەیێک لەلایەن سیلانەوە بەدیدەکرێت، کە خۆی لەسەر ئەو بناغەیە دادەمەزرێنێت کە شیعر دەدوێت، واتە شیعر زماندارە و دەپەیقێت. شیعر شێوازی خۆی لە پەیقین هەیە، ئەو چرکەی شیعر تیایدا دەدوێت، چرکەی خۆیەتی. ئامادەبوونی شیعر لە چرکەدا (واتە زەمەنی خۆی) رێگا لەبەردەم شیعر دەکاتەوە لە کاتی لە چرکەی، خۆیەوە نزیک بێت. کەواتە شیعر لە چرکەدا دەوترێت، پێویستی بەوەیە لەناو چرکەدا نەشونماکات. دوای دریدا لەسەر وەخت و دواتر بەروار ئەو رێگایەن دریدا بۆ هەڵوەشانەوەی زمانی شیعری سیلان دەیگرێتەبەر. لەو دەموەختەی دریدا شیعرگەرایی سیلانی شیکردوەتەوە روناکبیریی هۆسرێلی بەسەر دریداوە زالبووە، کە ئەم روناکبیریە کاریگەری خۆی بەسەر ئەو

شێوەئاوردانەوەی درێداوە لە سیلان هەبووە، درێدا کە رەخنەی وتاری زمانەوانی میتافیزیکی هۆسرێلی کردوە، ئەم رەخنەیە بۆ لێدانی واتای ئامادەبوون بووە لەو وتارە، بۆیە قسەی درێدا لە وەخت و لە بەروار گفتووگۆکردنی بەشێ لەو لایەنانەیە کە درێدا لەسەرەتای هەشتاکانەوە کاری لەسەردەکردن (12). چونکە درێدا لە رێگای باس لە وەخت و بەروار لە شیعری سیلان قسەلە تاکگەرای دەکات. ئەو باسەش دواتر لای بادیۆ گرنگی خۆی هەبووە وەلێ لە چوارچێوەی تەواو جیاتر لە درێدا، چونکە بادیۆ تاکگەرای لە شیعر دەکات بە ناسنامە بۆ کردەی شیعری، پاشان با لێرە ئەوەش بیرخەینەوە، کە درێدا لەکاتی ڕاڤەکردنی واتای وەک بەروار و وەخت، تەنانەت زمان و تاکگەرای واتای شیعریش کار بۆ لێدانی هزری فەلسەفی لەلایەک ئەفلاتون دەکات، لەلایەکیتریش تێگەیشتنی بنەماخوازەکان بۆ زمان و تێکست. ئەمەش تارادەیێکی زۆر دەمانگەڕێنێتەوە بۆ 1966 ، واتە رێک بۆ ئەو سمینارەی ، "بنەما، نیشانە و یاری لە وتاری زانستە مرۆیەکاندا"، درێدا لە زانگۆی جۆن هۆپکینس لە هەمان ساڵدا پێشەکەشی کرد کە تیایا وتاری بنەماخوازی رەتدەکاتەوە، هەروەها بۆ ساڵی دواتریش ، واتە 1967 ، کە درێدا بە سێ بەرهەمەوە دێتە ناو گۆرەپانی هزری فەرەنسی و ئەورو-ئەمەریکای (یەکەم "لەمەڕ نوسینناسی" و دووەم "دەنگ و دیاردە" و سێهەم" نوسین و جیاوازی") ،کە ئەمانەش جۆرە روونکردنەوەیێکی هێنایە مەیدان کە زمان لە بنەما میتافیزیکیەکەی بخرێت و زمانی ناو تێکست لەدەرەوەی تێگەیشتنی میتافیزیکی ببینرێت.

بەکورتی، گەرانی درێدا بەدوای زمان لە شیعری سیلان، کۆششێکە بۆ ڕونکردنەوەی شیعرگەرایی وەک ئەزمونی زمانەوانی. ئەم ئەزمونە کە زمان دەکات بە ئامرازی گوزارەکردن وەک دیاردەیەکی تاکی ، بەدڵنییایەوە لەناو دیتنە شیعریەکانی سیلاندا بناغەی هەیە. ئەمەش کاری وادەکات خوێندنەوەکەی درێدا خوێندنەوە لەپاش خوێندنەوە دروستبکات و ، ئەوەش کە بۆ سیلان لە شیعرەکانیدا گرنگبووە، ئەوەبووە کە ئەوە بۆ خوێنەر واڵاکات کە پێیدەکرێت و، ئەزمونی شیعرنوسینیش وەک کردەی زمانەوانی نیشاندات. لێرە زۆر دوریش نارۆین گەربڵێین ئەو شیاویەی سیلان لە شیعرنوسیندا دروستیدەکات رێگای لەبەردەم ئەو جۆرە تێگەیشتنە فەلسەفیانە کردوەتەوە، نەک هەر درێدا بگرە بادیۆ و فیلیپ لاکۆ-لابارت و چەندین رووناکبیری تری ئەوروپای بەخۆوە سەرقاڵکەن، چونکە بۆ سیلان ئەوە گەلێ روونە کە ئەوەی زمان لە ئێستادا هەنوکە دەکات شیعرە(13)

> رەخنەی مارکسیستی لە هیگڵ، دەتوانێت پەردە لە رووی دەوڵەت هەڵماڵێت، سەبارەت بەوەی خۆی بە شتێکی گشتی دەزانێت، لە مەشروعیەت و تواناییەکانی بۆ ناچارکردن بە پەیرەوی لێکردنی پەردە لادەدات.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

(1). درێدا دووجار سەردانی ستۆکهۆلمی کردوە، یەکەمجار لە 1985 و جاری دووەم لە ئایاری 2000 .

(2). هەندێ لایەنی ئەم چەند دێرەی لێرە تایبەت بە بینینی فەلسەفیانەی درێدا لەبارەی سیلانەوە بەرباسدەخرێت لە هەندێ روەوە سەرچاوە لەو بینینانەوە هەڵدەگرێت، چەند ساڵێ لەمەوبەر (1998) لە دووتوێی نوسینێکدا بەنێوی "ئێپۆکی پاش بنەماخوازی: لەمیانەی خستنەرووی بیری ژاک درێدا" بڵاومانکردوەتەوە کە دواتر لەدوتۆی کتێبێکدا دوبارە بڵاوکراوەتەوە کە ناوی " بیری پۆست مۆدێرنیزم" ی لەخۆگرتوە. بروانە ئازاد حەمە: بیری پۆست مۆدێرنیزم چاپێ سوید 2001, لا 341- 337.

(3). Jacques Derrida. Schibboleth. Översättning: Aris Fioretos & Hans Ruin, Symposion, 1990.s.45.

پێمانباشە سەرنجی خوێنەر لەم پەراوێزەدا بۆ ئەوە راکێشین کە کتێبی "شیبۆلێت "ی درێدا لەسالی 1990 لەلایەن دوو روناکبیری زانگۆییەوە (ئاریس فیورێتوس و هانس أوین) ، کە لە نێوەندی ئەکادیمی سویدی دوو پرۆفیسۆری دیاریشن ، وەرگێردراوەتە سەر زمانس سویدی. لەم کتێبەدا نوسینێک هەیە لەبارەی سیلانەوە کە پێشتر لەلایەن هەمان ئەو دوو کەسەوە کراوە بە سویدی و لە گۆڤاری "کریز"ی سویدی ژمارە 34-35 دا بڵاوکراوەتەوە و دواتر ئەم وەرگێراوە کراوەبە بەشێ لە کتێبەکەی درێدا.

وەکیتریش دەمانەوێت لێرە ئاماژە بەوەشبکەین کە گۆڤاری "کریز" یەک لەو گۆڤارە بێوێنانەیە لەماوەی ساڵانی 1975-1997 کان لە سوید دەرچووە و، لەماوەی 22 ساڵی تەمەنیدا

توانیویەتی بەرهەمێکی زۆری بیریارانی رۆژئاوای وەرگێڕێتە سەر زمانی سویدی و، ئەوەی پێیدەڵێن هزری فەلسەفی و ئەدەبی کۆنتێنێتال و بەتایبەت ئاراستەی پۆستمۆدێرنە بە خوێنەرانی سویدی بناسێنێت. ئەو دووە ڕووناکبیرەی لایسەرەوەش ناوینهات لەتەک چەند ڕووناکبیرێکی تری سویدی (دانییل بیرنبوم، سڤێن– ئولوف وڵنشتاین، ئاندەش ئولسون ، هۆراس ئینگداهل و ....) بەشێکن لەوانەی ئەرکی ئەو پرۆسە ڕووناکبیریە پرئەکادیمیەیان لەئەستۆگرت.

مایەوە ئەوەش بڵێین بۆ خوێنەرانی سویدیزانی ئەم بەشە نوسینەی ئێمە لەسەر سیلان باشترە بۆ سەر بەشێک لەو شیعرانەی سیلان کە لە نوسینەکەی ئێمە یان لەوی دریدا ،واتە شیبۆلێت، ناویانهاتووە) بگەڕێتەوە کە لە ژمارەی 35–34 ی گۆڤاری" کریز"ی سویدی ساڵی 1987 بڵاوکراوەتەوە کە لە وەرگێڕانی دوو ڕووناکبیری سویدیە بەناوی سڤێن– ئولوف والنشتاین و ئەویتر دانییل بیرنبوم، لە هەمانکاتدا داوا لە خوێنەر دەکەین بگەڕێتەوە سەر ئەو نوسینەی ئەندەش ئولسۆن لە گۆڤاری "گلێنتە"ی سویدی تایبەت بە شیعرگەرایی سیلان بڵاویکردوەتەوە،.

(Anders Olssontidskriften Glänta (4/05

(4). بروانە هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەرەی پێشوو.

(5). بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 37.

(6). بڕوانە ئەو پێشەکیەی هانس روین , وەرگێڕی کتێبەکەی شیبۆلێتی دریدا نوسیویەتی. لەمروەوە بروانە لا 19 ئەم سەرچاوەیەی لایخوارەوە کە دەکات هەمان سەرچاوەکەی لایسەرەوە:

Jacques Derrida. Schibboleth. Översättning: Aris Fioretos & Hans Ruin, Symposion, 1990.s.19.

(7). سەبارەت بەو خاڵەی کە کاریگەری فەلسەفەی هۆسرێل لەو شیکردنەوەیە بەسەر دریداوە دیارە لەم ڕووەوە بروانە ئەم لاپەرانەی پێشەکیەکەی هانس أوین 17، 16، 13.

(Engführun (8

(9). هەروەک لایسەرەوەش ئاماژەی پێکراوە ، نوسینەکەی ""شیبۆلێت""ی دریدا لەلایەن دوو وەرگێڕی سویدیەوە کراوە بە سویدی، کە یەک لەوانە هانس روینە و ئەویتر ئاریز فیۆریتۆسە. هانس روین پێشەکیێکی بۆ وەرگێڕاوەکە نوسیوە، کە لایسەرەوەش ئاماژەی پێکرا، بەڵام وەرگێڕی دووەم نووسینێکی لەتەک کتێبەکەی دریدا دا بڵاوکردۆتەوە بەناوی "هیچ"ەوە کە لەشێوەی پاشەکی لەگەڵ وەرگێڕاوەکە چاپکراوە. بەخۆی ئەو نوسینەی فیۆریتۆس لە سالی 1988 لە یەکێ لەزانکۆکانی ئەمەریکا لە کۆنفرانسێ لەژێرناوی "ستینۆگرافی هیچ"ی دا پێشکەشکراوە.

لەمروەوە بروانە نوسینەکەی ئاریز فیۆریتۆس، لا 147،

واتە ئەوی لایسەرەوە ئاماژەی پێکراوە کە دەکات نوسینەکەی ""شیبۆلێت"" ی دریدا.

بەڵام لەم نوسینەی لایخوارەوە و لە لاپەرەکانی 295 بەرەو 345 ئەو نوسینەی ئاریز فیۆریتۆس دەستێدەکەوێت کە لەژێر ناوی "هیچ: میژوو و ماتریالیتێ لای سیلان" نوسیوبەتی. ئەمەو جگەلە چەند نوسینێکی تر وەک : نوسینەکەی "شیبۆلێت"ی دریدا بۆ خوێنەرانی ئینگلیزی زمان و ، هەروەها تێکستێکی فیلیپ لاکۆ– لابارت بەناوی ""کەتەسترۆف"" لەژێرخانەی باسی هزر و شیعرگەراییی

Aris Fioretos (ed.). Word Traces: Readings of Paul Celan. The Johns Hopkins University Press , 1994.

خوێنەر بۆ خوێندنەوەی تێکستەکەی "شیبۆلێت" بە ئینگلیزی و هەندێ لێکدانەوەی تری دریدا لەسەر شیعرگەرایی سیلان و شیعر دەکارێت بۆ سەر ئەم نوسینەی لایخوارەوەی دریدا بگەڕێتەوە:

Jacques Derrida . Sovereignties in question: the poetics of Paul Celan .,ed. By Thomas Dutoit,Outi Pasanen. Fordham University Press; 3 edition, 2005.

Philippe Lacoue – Labarthe. Poetry .10 as Experience. Translated by Andrea Tarnowski. Stanford University Press .1989.s.8

(11). بۆبینینی شیعری "میریدیان" ی سیلان بگەڕێرەوە سەر ئەم سەرچاوەیەی لایخوارەوە:

Paul Celan. Selected Poems and Prose of Paul Celan. Trans. John Felstiner. New York: W. W. Norton. 2001.

(12). ئێمە لێرە داوا لە خوێنەر دەکەین بۆ ئەم سەروتارە بەسودەی لایخوارەوە بگەڕێتەوە کە ڤار دێر هیێیدن، لەسەر تێگەیشتنی فەلسەفیانەی دریدا بۆ شیعرگەراییی سیلان نوسیویەتی:

van der Heiden, Gert-Jan "POETIC EXPERIENCE OF LANGUAGE AND THE TASK OF THINKING: DERRIDA ON CELAN, THE". Philosophy Today. FindArticles.com. 03 May, 2011. http://findarticles.com/p/articles/mi_7696/is_200907/ai_n32330363/

(13). Mikael van Reis. Celan och diktens dunkel. GP, 16092009